


سیاچه‌مانه: سرود باستانی عدالت
رمزی سربسته در قلب زاگروس؛ بازخوانی یک بایگانی شفاهی
بر اساس پژوهش و یافته‌های صدیق بابایی


شاهۆ (Shaho): ریشه در "ئەشاوەو" (نماد اهورامزدا). اشاره به یک رهبر و پادشاه که به‌ناحق سناحق سلب قدرت شده و عزادار است.
ئاتەشگا (Atashgah): آتشکده. نماد. آیین زرتشت در ارتفاعات پاوه که اکنون خاموش است (فرهنگی در شرف افول).
شاهۆ مەگرەوۆ ئاتشگا ماتەن
ویمیر بە تمای شنیای بالاتەن
ویمیر (Wimir): امیر / حاکم خودی. فرمانروایی که در انتظار بازگشت به شکوه گذشته است.
کلماتی که در ظاهر نام کوه و مکان هستند، در باطن گزاره‌ای تاریخی از یک ستم و امید به بازگشت قدرت‌اند.




**"سیا چەمانە" دەنگێکی ڕەسەن، ڕەمزێکی پیرۆزی پارێزراو لە هەناوی مێژوو.**

**نووسین و ئامادەکردن: سدیق بابایی**

www.peshmergekan.com





هۆرامان وەک ناوچەیەکی دێرین و هەرەکۆن، ژیاری مرۆڤی سەرەتایی، بە پێ هەندێ هێما و بە جێ ماوی سەردەمانی پێش مێژوو (وەک ئاسەواری چاخی بەردینە ) لە ئەشکەوتەکانی شاهۆ و هەجیج و دەوروبەر دەبێ لانی کەم یەک لەو سەرچاوە هەرە پڕبایخ ودەوڵەمەندانەبێت. ئەگەر بێتو توێژینەوەی دێرینە ناسی بە هەموو لق وپۆپەکانیەوە لە سەر بکرێ زۆر بابەتی نوێ و کەمتر زانراو بە گەنجینەی کۆمەڵناسی کورد زیاد دەکا.

سەرەرای ئاڵوگۆڕ و دەس بەدەس بوون و کارتێکەری کەم و زۆری گرووپ و تاقمی لە لاوە هاتووی هێرشکار یان کۆچەر بە درێژایی هەزاران ساڵ هێشتار هەندێ داب، نەریت و کەلەپوورو ئاسەواری سینگ بە سینگ ( وێژە و مێژووی زارەکی)، ناوی شوێن لێرەولەوێ هەن کە ئەگەر زیاتر لە بنج و بناوانیان بکۆڵدرێتەوە یارمەتیدەری باش دەبن بۆ چراخانی کەلێن و قوژبنی ئەشکەوتە تاریکەکانی ژیانی ویەردەمان. دەتوانین بە دڵنیای ئاماژە بە هێما(خواله) و سەمبۆڵی ئەوتۆ بکەین وەک بەڵگەی ئەم وتە لە دێر زەمانەوە خۆیان بە نەمری قورس وقایم ڕاگرتوە.




بۆ وێنە ، (مێردۆک) جێگرتوو لە شاخی شاهۆ لای سەرووی شاری پاوە کە بەداخەوە قاچاخچی پوول پەرستی خۆماڵی پاش هەزاران ساڵ لە سەر دەمی کۆماری ئێسلامیدا فەوتاندیان! (سەریاس یا سۆریاش) ناوی گوندێک لە 15 تا 20 کیلومێتری پاوە ، (شمشی) بەرزاییێک لە نێوان نۆدشە و گۆندی دزاوەر. ( ئاوێسەر) لە نێوان نەوسود و شۆشمێ. کانیاوی پڕخرۆش و پیرۆزی(بڵ) لە خوارووی ئاوایی هەجیج کە بە داخەوە گۆڕ بە گۆڕ کرا. (شێخۆ یا شێخ ئالی ) ناوەی گەڕەکێکی هەرەکۆنی شاری پاوەو ئاهەنگێکی هۆرامی واتە گۆرانی شێخانی. ( کاشتۆ یا کاشتەر ـ ئاکاشی یا ئەکاشە ) لە بێڵەوار[مەسکەنی بڵ] سەر ڕێگای پاڵنگان کامیاران وەک نێوی گۆند و کەسایەتیەکی ئایینی مێژوویی کە بە پێغەمەر نێوبانگی دەرکردوە . (کەڕیسان ـ کەڕسانی) بەرزایی و کانیاوێک لە شاخی شاهۆ پشتی دەروەن. (شێڵماو)ئاوهەڵدێرێک لە شاخی ئاتە ژگا ئاورگەی سەردەمی زەردەشتی

باوەڕان ڕووکاری پاوە. ساتیار"ساتیاری". ناوی گوندێک لە ناوچەی باینگان هەڵکەوتوو لە ڕووکاری شاخی ئاتەشگا. (مۆڵ و ئەشنان) نێوان شاخەکانی سێ ملە و زاوڵی بەرانبەر پاوە. (وێمیر یا ئێمیریا) بناری شاهۆ و سەیرانگای خەڵکی پاوە. (ناوس یا بابە تاوس) لە خوارووی شاری تەوێڵە [باشوور] . ( مەکاڵ ـ کۆی مەکاڵ) سەیرانگاییێک لە پاوە خوالەی تاعون، وەنەن یا وەنەند ، نێوی پردی خوارووی هەجیج کە ساڵانی پێش کەوتەژێر ئاوی بەنداوی ساز کراوی هەجیج. ئەمە نێوی پردێکی بە دەس چنراو لە شووڵی دار لە سەر چۆمی سیروان بوو. لە ئەساتیر دا بە خوالەی پاراستنی مرۆڤ لە قار وتووڕەیی سرۆشت نێوی هاتوە. نێوی دوو لە پاشاکانی ئەشکانی وەنەند/ی یەک و وەنەند/ی دوو بوە.





ئەمانە وەک مشتێک لە خەروار لە ئاسەوارە بە جێ ماوە مێژوویەکاندا پیشاندەر و هەڵگری تایبەتمەندی هێمای ڕووناکی، بەرەکەت، هێز و توانا بەخشین ، شایی، نەخۆشی، پارێزگاری و دەیان ڕەمزو ڕازی ژیانی

سەردەمانی جیاواز گرینگی و بەناخداچوونی پێویستی توێژەرانی پسپۆڕ تەڵەب دەکا.




پسپۆڕێکی ئاڵمانی بە نێوی Ludwin Lawi لەو بڕوایەدایە کە جێگرتوو بوونی ئەم خوالە ناسراوانە لە سەر لووتکە و بەرزاییەکان جۆرە ڕەمزێک بۆ خۆڕاگری و متمانە بەخشین بە ورەی خەڵک و ڕەواندنەوەی ترس و خۆف بەرانبەر سرۆشتی دڵڕەق و فەوتێنەر و هەرچەشنە دوژمنێک بوە.




سیاچمانە؛ تا ئێستا ڕەنگە تەنیا بیرتان لەوە کردبێتەوە ئەم دەنگە خۆی تەنێ لە کۆمەڵێک میلۆدی،  وشە یان ئاوازدا حەشار دابێ. با پێکەوە دەرکەی گاڵە دراوی  ئەم ڕەمزو ڕازە نهێنیە  دێرینە بکەینەوە. با وێکڕا گەشتێک بکەین بە نێو یەک لە دێرینترین ئاوازە ناوازە دیرین وڕەسەنەکانی کورددا. ئاوازێک شاخەوشاخ ، دوڵاودۆڵ، بەندەناو بەندەن نە سەرماوسۆڵ نە سێڵاوی سرۆشت و نەمرۆڤی نەیار وداپڵۆسێنەری ڕەسەنایەتی کورد بە درێژایی هەزاران ساڵ  نەیتوانیوە جێی پێی پێ لێژ بکات.

با بزانین ئەم دەنگە کام کۆدی پیرۆزی لە خۆیدا حەشار داوە. کۆدێک کە بەرگریکاری فەوتان و نەمانی مسۆگەر کردوە.

پرسیاری سەرەکیمان ئەوەیە؛ ئایا سیاچەمانە تەنیا گۆرانیەکی فۆلکلۆری سەر حەساب دەکرێت یا دەبێ سرنج و ئاوڕێکی قووڵتری لێ بدرێتەوە؟

وەڵامەکە واوێدەچێ لەوە زۆر بە پێزتر بێت. هاوڕێمان بن با  هەڤڕا چاوێک لە خەریتەی ونبووی کۆندا بخشێنین بزانین چیمان بۆ ئاشکراتر دەبێت.




گەشتەکەمان لە شوێنێک دەست پێدەکات کە کات تێیدا وەستاوە.

هەورامان؛ ناوچەیییێکی شاخاوی سەخت لە دڵی کوردستان کە مێژوەکەی بۆ هەزاران ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە. لێرەدا ئەبێ بڵێن؛ مێژوو تەنیا لە نێو کتێبەکاندا نیە. لە هەناسەی با، خشپەی گەڵا،  خوڕەی ئاوی چۆمەکان، نەعرەتەی هەوری کوێستان،  قاسپەی کەوی کۆسارانی ئەم دەڤەرە، قوڕگی بە ساڵا چووگی زەمان ودەبڕینی بە تاسەی مووبدان لە قەراغ ئاورگەی پیرۆزی کۆنە ئایین باوەڕان دا بە زیندوویی ماوەتەوە.


با تاوێک بگەڕێنەوە بۆ دووری دوور ئەوکات ئەمپراتوورە مەزنەکان دەڕۆخان. هۆرامان کولتوور و ڕەسەنایەتی خۆی وەک ئەمانەت دارێکی پابەند بە پیرۆزیەکان بە شێوەیەکی زۆر جیاواز دەپاراست. ئەوان ڕەسەنایەتی خۆیان لە سەرکاغەز نەدەنووسی بەڵکوو لە سەر لووتکەی

چیاکان، نێوی کانیاو، ئەشکەوت و دۆڵ و دەرەکاندا هەڵدەکۆڵی. مـێژووی ئەوان تێکەڵ بە ویەردە وجێگەوانی(جۆغرافیا) تێکەڵ بوە.

بزانین یەکەم سەرە داوەکان لە کوێن، لە ڕاستیدا لە پێش چاوی هەموومـاندا بوونیان پارێزراوە. بەڵام کەس بە دوایاندا نەگەڕاوە! ئـەم سـەرە داوانـە لـە کونج و کەلێنی چڕوپڕی هۆرامانداان با سەرێکیان لێ هەڵێنین.

بۆ وێنە ئەم ناوگەلە؛

١ ـ مێردۆک.٢ ـ سەریاس. ٣ شمشی(شمش).٤ بڵ.٥ـ ئاوێسەر.٦ـ وێمیـر.٧ کەڕیسان.٨ ـ شیڵماو. ٩ ساتیار. ١٠ ـ شەروێنە(شەروێن). ١١ ـ هێرتا.




تەنێ ناوی چیا، گوند، شاخ، کانی ئانیئاو، سەیرانگا، تاڤگە و... نین بـەڵکوو هـەر کامـەیان بەنـدن بـە بێرو بـاوەڕ، هێمـای خۆدا ( خوالـە) وبیروباوەڕیـە

دێرینەکان.  ڕۆژ و ڕۆژگارێک لەم ناوچە دا باڵادەستییان تۆمار کراوە. سەیر کەن؛ گوند، چیا و کانیاوەکان خۆیان وەرگێڕی چیرۆکەکانن.

بۆوێنە ؛ سەریاس یان سۆریاش پێوەندی بە ڕۆژ و ڕووناکیەوە هەیە. وێمێر(میری خۆماڵی) هێما یا خوداوەندی دەسەڵات وبەڕێوەبەری وڵات بوە. ئەم نێو گەلە چیرۆکی ململانێ نێوان هێزی، بەرەکەت ڕووناکی وتاریکی بوون، لە سەر ئەم خاکە نەخشێندراون. گەڕۆک وشارەزاییکی ئاڵمانی(لاوی) بە جێ ئاماژەی پێداون؛ " ئەم نێوانە تەنیا بۆ جوانی نەبوون. ئەوان وەک سروودێکی بەردەوام بوون بۆ خەڵکەکە تا لە کاتی تەنگانەدا وەرەیان بەرز ڕاگرن، بیر خۆیان بهێننەوە کە هێزە پارێزەرەکان لە گەڵیانن.

ئەم بەڵگانە دەستمان پێیان وێڕاگەیشت بەرەو نهێنیەکی مەزنترمان دەبەن. نهێنیەک کە پێوەندی بە یەکێک لە کۆن و پیرۆزترین کتێبەکانی مێژووەوە هەیە. لێرە دا ئەو پرسیارە مەزنە پێش دێت کە چدەبێت ئەگەر بڵێن ئەوێستا کتێبە پیرۆزەکە بە زمانێک نووسراوە نزیکترینە بە زمانی کوردی/ هۆرامی.



چدەبێت  بڵێین؛ زانا گەورەکان سەدان ساڵە بە هەڵە لەم زمانە تێ گەیشتون. لە بەر ئەوە گوێبیسی  خەلکانێک نەبوون بە زمانێکی زیندووی  هاوشێوەی ئەوێستا دەدوێن. کەواتە کاتی ئەوە هاتوە کۆدەکە بشکێنین. لێرەدایە لێکۆڵینەوەکە دەگاتە لووتکە. پێداگری دەکەین لە سەر یەک  دەستەواژەی ئەوێستا بە هۆرامی کە هەموو شتێک دەکۆڕێت.  با سەرە تا باسی دۆخە پێشوەکە بکەین. بۆ ماوەیەکی زۆرپێش لە ئێستا بە شێکی گرینگی ئەوێستا بە نێوی ((وەندیداد)) ناسراوە ئەمە ئەو نێوەیە کە لە زۆر شوێندا بە ناوی ئەوێستاوە هاتوە. با بزانین واتەی وەندیداد چیە. بە پێ لیکدانەوەیەکی فارسی زمانەکان بە شێک لە ئەوێستا "وەندیداد = وێ ـ دە یو ـ داد = وێ ـ دەئێو ـ دادتە" بە (( یاسای دژی دێو، بێ عەداڵەتی و ناپاکی )) شرۆڤە کراوە. نووسەران  لەو بڕوایەدان ئەوە وەرگێڕی باوەڕی مۆغە مادی [کوردەکان] لە سەردەمی دەسەڵاتی ساسانی دابوە.




ئەگەر بۆمـــان هەبێت  وەک هــۆرامی زمانێــک  ســـەیری ئەم دەقە بکەین دەتوانین پێدابگرین وەرگێڕەکان شارەزایی خوێندنەوە و فام کردنی زمانی هۆرامی (گۆران) یان نەبوە.  ئەسڵی نووسراوەکە واتە " وەندێ داد" یانی داوای عەداڵەت بکەن بە جیاوازیەکی زۆرکەمەوە لە گەڵ بڕێک ناشارەزایی زمانی تێک دراوە.[ی] کۆتایی وشەی وەندی کە بەفارسی "یای نسبت" ی پێدەڵێن لە هۆرامیدا هەرهەمان ئەرکی پێسپێردراوە بەلام گۆ کردن و مانا بەخشینی بە وشەکە  بە تەواوی لە گەڵ فارسی جیاوازی هەیە بە چەشنێک نێوەرۆکی وشە و مەبەستەکە تا ڕادەیک دەگۆڕێت.




وەندێ لە هۆرامی دا واتای فەرمانە بۆ خوێندن، داواکردن. لێرەدا دەبێ مەبەستی فەرمانەکە ئەوە بووبێت کە داوای عەداڵەت و پاکی وەک یاسای دژی دێوان بکەن. ئەوە  ناوەرۆکەکەی لە گەڵ فەرمانی دواتری ئاینی مەسێح و تەنانەت فەرمانی خودا لە ئایینی ئێسلام و ...  وەک هەڤی پێوە دیارە. [1]

[1] لە ئێنجیل دا هاتوە : " بە چ شێوازێک دەتوانن سەرەتا خوازیاری عەداڵەتی خودابن".
How can





وەنـد ڕیشـەی خوێنـدن +ی زیـاد کـردنی حـاڵەتی بڕیـار وفەرمـان دان بە بەردەنگ + داد = و هاواری عەدالەت وسرۆش+پارانەوەبۆ ویستن و تەڵەب کردنە  لە سەر یەک کۆی ئەم ڕەستە دەڵێ بخوێنن و بانگەوازی عەدالەت، وەک هەڤی، دووری لە ناپـاکی دێـوان، پاراسـتنی  پـاقژی  و گەیشـتن بە ئارەزووکانتان بێننە سەر زمان.

---

we seek first God,s righteousness ؟

لە قورئان دا خودا بە پێغەمەر(ص) فەرمان دەدا " (ئێقرا).





**ئەمە  لە ڕاستیدا جیاوازی زۆری لە گەڵ نێوەرۆكی وەرگێڕدراوە فارسیەكە نیە تەنێ ئەوە نەبێت بە ئانقەست یان بە هەڵە و نەبوونی ناسیاری لە سەر زمـــانی هـــۆرامی دەقی نووســـراوە ئەوێســـتاییەكە بە هەڵە و ناڕێـــك خوێندراوەتەوە. بە ئەم شێوە وشەیەكی رەسەنی كوردی تێكدراوە كە دیارە لە جێگا و بواریتردا وێنەی هەیە.**




با بزانین ئەم فەرمانە چ پێوەندیەکی بە سیاچەمانەوە هەیە. با بگەڕێنەوە سەرسیاچەمانە کە پێوەندیە نەزانراوەکەمان بۆ دەخاتە بەر دەست . ئەم پێوەندیە لە شاردنەوە نابێت. سیاچەمانە خۆی بانگەوازێکە بۆ داد پەروەری. داد پەروەری بۆ پاڵ پشتی لە سەر کردەیەکی خۆماڵی. بە زۆری ستەمکاری لە لاوە هاتوو بێدەسەڵات کراوە. بە چەشنێک شکۆ لەو و خەڵکە پاڵپشتەکەی زەوت کراوە. ئەمە دەنگێکە بە هەزاران ساڵە لە لووتکەی شاخەکانی هۆرامان دەزرنگێتەوە. پیشانمان دەدات سیاچەمانە چۆن وەک ئامرازێکی پێوەندی کردن کەڵکی لی وەر گیراوە.

کاتێک کارەساتێک ڕوو دەدات، کەسێک دەمرێ، گوندێک دەسووتێ، دوژمنێک پەلاماریان دەدات. مافێک پێشێل دەکرێت. سیاچەمانە دەبێتە مادەی بانگەوازبۆ کۆ کردنەوەی خەڵک. گەڕان بە دوای چارە سەر و داد پەروەری. واتەی ئەمە ئەوەیە کە سیاچەمانە پارچە مووسیقاییکی


**موزەخانە نیە. بەڵکوو ئارشیوێکی زیندوو  بۆ پاراستنی مرۆڤەکانە کە هەزاران ساڵە دەوترێتەوە. ئام بانگە وازە بۆ؛ داد پەروەری و داد بە درێژایی مێژوو سەڵا دراوە. بانگێک بوە بۆ داد پەروەی خودایی. دواتر بە جاران بوە بە شیوەنێک بۆ کەسایەتیە خاوەن پێگەکان.  ئەوانە  نا داد پەروەرەکان ستەمیان بە سەردا سەپاندون. زۆر جار ئەوە ڕەنگدانەوەی عەشق و خۆشەویستی، شیوەن و حەسرەتی  هەمە بابت بە ناوەرۆکی داد پەروەری بوە. سیاچەمانە ئەو لیزگە نەپچراوە بوە دنیای زەردەشتی بە شاخەکانی ئەمڕۆی کوردستانەوە گرێداوە. ئەم گرێدراویە بە چەشنێک ڕیشەی لە دڵی خاکی ناوچەکەدا قایم ئاژۆتوە کە هەڵکەندنی خەون و خەیاڵ بۆ ناحەزانی داد پەروەی بوە.**




**شاهۆ مەگرەوۆ ئاتەژگا ماتەن   .........       وێمیر بە تەمای شنیای بالاتەن**

**شاهۆ وەک هێمای بەرزی، مەزنی و سەرۆکایەتی  بە هۆی کارەساتێکەوە خەم و ماتەم دایگرتوە. ئاتەژگا ، ئاورگەی بە گوڕوتین کپ لە  گڕ وکڵپە کەوتووە، وێمیر سەرۆک و دەسڵاتداری خۆجەیی لەکارلادراوە. چاو لە ڕێ**

گەڕانەوەی هێز و متمانە بەخشینە تا دیسـان ورەو تین و تەوژم  ـ مـان لە هەمبەر هێرشکار ( عەرەب یا بێگانەی تر) پێ ببەخشێت.




ماکوان چـڕیش گرد کـوا بەیدێ                شـاهۆ شـاش مـەردەن سـەر وەنەش دەیدێ



ما؛  وتە بێژ ودەسەڵاتداری سەرۆکە[ ماگفتیم، ما فەرموودیم، مافەرمان دادیم.] ئەمە(ما) لە کۆنەوە هێمای دەسەڵاتدارەتی بوە کە بە نێوی خەڵکەوە دواوە. کوان کۆی کۆ واتە لق وپۆپەکانی سەر بە دەسەڵاتی فەرمانڕەوان.

سکاڵا وبانگەوازی چارەسەری هاوشێوە وێرای دەیانیتر  لە دوو توێ چڕین و بەرز کردنەوەی هاواری  سۆزناکی سیاچەمانە دۆڵ بە دۆڵ، شاخ بە شاخ و گۆند و شار بە شار لە زۆر بۆنە دا بە درێژایی بانتر لە هەزار ساڵ  بە بێ پسانەوە دەزرنگێتەوە.




زەروان بیانێ ، زەروان  بیانێ        .....        لە دەورەی وەرین، زەروان بیانێ

ئەهەری و ورمز ، یاران دیانێ        .....      کالای خاس یار، ئەودەم  شیانێ [2]


[2] بابە نجومی لورستانی . قەرنی چ دووهەمی هێجری  یارسان





زەروانی بـووم [ئـاییینی کـۆنی کـوردان]  زۆر پێش لە ئێسـتا گـۆرانم بە سەرهات . ئەهریمەن ، هۆرمزد[ئەهورامەزدا] و یارانیتر دەوریان لە سەر من گێرا. لە سـەیرو سلووکی دوورو درێژی ئەم کاروانەدا مەتـا و کـاڵای بە بەرشیاوی خۆم مەزەندەکرد .



له ئەوێستا یان وتەی مۆغەکاندا ئەهورامەزدا فەرمان بۆ داواکاری و پەسنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و دووری لە ناپاکی دەدرێ. ڕەنگدانەوەی ئەهوورا، هۆ، خۆر، ڕۆچ و ڕۆ[ڕۆجیار]، ڕووناکی و ئاهێر، پیرۆزی ئەم پێکهاتەگەلە لە وشەی جیاواز بەلام بە نێوەرۆک و هاو ئامانج دەورگێڕان لە سەر ژیان و هەڵسوکەوتی دانیشتوان لە هەر چرکە ساتێکی ژیانیان لە کۆنی کۆنەوە ئاشکرا دەکات.


سیاچه‌مانه آن رشته ناگسستنی
است که دنیای زرتشت را به
کوه‌های امروز کردستان متصل
می‌کند.

مانەوە و سەقامگیری لە لووتکەی شاخ، تاشەبەرد، چۆم، کانی ئاو، دۆڵ و دەرە ، نێوی قەڵا، گەڕەکی شار، دی و ئەشکەوت، کێلە بەرد، مزگی [ورمزگا] لە ناوەرۆک و سەرچاوەی ئایین و ئایینزاکانی پاشتر بە دەم وتنەوەی ڕۆژانە لە چوارچێوەی سیاچەمانە و هۆرە [وەسفی ئەهورا] ،سەماکردن [زکری ڕۆح و جەستە] ئەمانە هەموو پیشاندەری بڕواییێکی دێرین و ڕیشەدابەستوو لە کانیاوی ئەبەدی" خزر" پێ وتراو قاڵ بوونێکی تەواو و کەماڵ لە گەڵ ڕەنگدەدانەوەی دیارە. کاتێک کۆسپێک، بوومەرلەرزە یا هەر نەهامەتیەک ڕوویان تێدەکا هاوار وناڵین بەرز دەبێتەوە بە وێنە :





**ماکوان چڕیش گرد کوا بە یدێ ...... شاهۆی شاش مەردەن سەر وەنەش دەیدێ**

**ماکوان شاخی مەزن وەک هێمای عەداڵەت بانگەوازی شاخ و بەندەنەکانیتر وەک لقێک لە یاسای بنەڕەتی (ME) دەکا. شاهۆ( ئەشاوەهوو) شای بەرزەدەماخان [مرۆڤی سەرفراز] هێمای نەمری یەکێ لە دەسەڵاتداران، مۆبد، مۆغ ، پیرێکی مەزن و خاوەن شکۆی لە دەس چوە. کۆبوونەوەی ئەندامانی پایەبەرز پێویستە. ئەوە دۆڵاو دۆڵ، شاخ بە شاخ، بەندەن بە بەندەن، سینگ بە سینگ بۆ ئێمە بە هاواری سیاچەمانە گوێزراوەتەوە.**

**کاکڵی وتەکە ئەمەیە؛ سیاچەمانە خۆی مێژوێکی پڕناوەرۆکی نەپچڕاوە. زەمان وکۆسپ وکارەساتەکان چکات نەیان توانیوە نێوەرۆکی پڕ واتا و ژیان بەخشی لە خەڵکە هۆگرەکەی بستێنێت. ئەوە فەلسەفە و جێهان بینی ئایینی زەردەشتی لە گەڵ ئازار و خۆشیەکانی خەڵکەکە گرێداوە.**

**لێرە دا ئەو پرسە خۆی قیت دەکاتەوە ؛ کامە مێژوویتر ناس دەکرێت کۆنترین ملۆدیە ژیان بەخشەکانی تێدا حەشار درابێت. خۆ ڕەنگە هەبن،**

بەڵام سیاچەمانە یەک لە سەر تۆپە کانی ئەم ڕابردوە دێرینەیە کە خۆڕاگرانە لە دڵی مرۆڤەکانی دا جێی خۆش کردوە.




ئەوەیە هێشتار دەنگی بە سۆزی سیاچەمانە لە دوو توێ ئاهەنگەکانی؛ مینا داڵ، لەیلێ داڵ، سەرشین داڵ پڕواک یا ڤەنگ و کەمانەی لە دۆڵ، ئەشکەوت تا قاسپەی کەوی کۆساردا گوێ گوێگری دەلاوێنێتەوە. لە دواساتەکانی ژیانی مرۆڤەکاندا بۆ لای ژینگەی ئەبدەی بەدرەقەیان دەکات.

سەرچاوەکان ئەوێستا.

مێژووی وێژەی کورد . بۆرەکەیی

اسطورەهای باستان.

نوشتەهای محمد جواد مفرد کهلان .

دەس نووس و لێکۆڵینەوەکانی نووسەر

سەرئەنجام کێوی ئایینی یاررسان

سدێق بابایی ـ Sadigh Babaee

٢٤/٢/٢٠٢٦